# سەعدون یونس: بە دانانی سیستمێک گرف



هونەرمەند سەعدون ئێستا سەرقاڵی کارکردنە لە بەشی دووەمی زنجیرە درامای (کۆنە دەرکە) کە بەشی یەکەمی بەر لە راپەڕین نمایش کرا، لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانی هەولێرە.

لە سەرەتای دیمانەیەکیدا لەگەڵ گوڵان، سەعدون یونس دان بەوە دا دەنێت کە هیچ شتێك بە قسە و کردار وەك یەك نییە و جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەوەی دەگوترێ و ئەوەی ئەنجام دەدرێ و پێیوایە: هیچ شتێك لە تیۆرییەوە وەك خۆی ناچێتە بواری پراکتیکەوە، هەمیشە قسە کردن گەورەترە لە ئەنجامدانی کارەکە، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هیچ کەسێك ناتوانێت هەموو قسەکانی بکاتە کردار لە هونەریش بە هەمان شێوەیە، بەڵام دەکرێ جیاوازیی نێوان قسە و کردارەکان زۆر گەورە نەبن کە هەستیان پێ بکرێ، بە ڕای من ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای ئەو کەسەی کە قسە دەکات، رۆژێکیان لە شوێنێك دانیشتبووین یەکێك لە ئامادەبووان زۆر باسی لە گرفتەکانی شانۆ و چۆنیەتی چارەسەرکردنی دەکرد کەچی هەر خۆیشی یەکێکە لە گرفتەکانی شانۆ لەو شارە، چونکە دەکرێ تۆ نووسەر یان مامۆستایەکی باش بیت، بەڵام مەرج نییە هونەرمەندێکی باش بیت و بتوانیت کارێکی هونەریی باش پێشکەش بکەیت، بە هەمان شێوە بۆ رەخنەگریش وایە.

رەجەب پاقڵە خۆر وای دەبینێت تا ئێستا هونەریی کوردی نەگەیشتۆتە قۆناغی بازرگانی و لەم بارەیەوە دەڵێت: خەڵك تا ئێستا لە وشەی بازرگانی نەگەیشتووە، بازرگانی واتە من شتێکم هەیە لە بازاڕ دایدەنێم، تۆش دەتەوێت، لێرەدا هونەر پێداویستیی ژیانە، تۆ پێویستت بە هونەرە منیش بە پارە تۆ دێی هونەرەکەم لێدەکڕی ئەمەش پێداویستیی ژیانە، ئێمە لەو پێداویستیانەی ژیان دەترسێین، برادەرێکی زۆر خۆشەویستم خانوویەکی گەورەی هەبوو گوتم دەستت خۆش بی خانووەکەت زۆر جوانە، بەڵام لە هیچ شوێنێکی خانووەکەت تابلۆیەکی هونەریم نەبینی، لە وەڵامدا گوتی: نەبوونی تابلۆ گرفت نییە، بەڵام من چوار ژنم هەیە، وەك گوتم هونەر خواست و خستنەڕووە گرفتی ئێستای هونەریش لە خواستەکەیە، چونکە تا ئێستا میللەتی کورد نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بزانێت هونەر و رۆشنبیری بەشێکە لە ژیان، ئێستاش خوێندنەوەی کتێب و رۆژنامە و گۆڤارەکان نەبووەتە کلتور، بەداخەوە جاران ئەم لایەنە زۆر باشتر بوو، ئێستا لە کۆمەڵگای کوردیدا دوو شت باون: سیاسەت و مادده کە ئەمانەش هەردووکیان لەپێناو رۆشنبیرین، بۆیە ئەگەر رۆشنبیرێکی باش نەبیت، سیاسەتمەدارێکی باش نابیت، بە داخەوە لای ئێمە پێچەوانەیە.

سەبارەت بەو رەخنە و گلەییانەی کە ئاراستەی هونەرمەندان دەکرێن دەربارەی بارودۆخی ئێستای هونەری کوردی، مامۆستا سەعدون پێیوایە ئەو گلەییەی لە هونەرمەندان دەکرێت لەبەر ئەوەیە کە کارە هونەرییەکانیان لە ئاستی پێویستدا نین، بۆ نموونە ئەگەر نمایشێکی شانۆیی هەبێت هەوڵ دەدرێ بەو ناوانەی کە هەن و ناسراون خەڵك رابکێشین بۆ بینینی شانۆگەرییەکە، بەداخەوە ناوەکانی دیکە نەیانتوانیوە خەڵك بۆ لای خۆیان رابکێشن، چونکە بەرهەمەکانیشیان دوور بووە لە بیر کردنەوەی خەڵك ئەمەش زۆر گرنگە، چونکە بەرهەمی شانۆییم بینیوە هیچ تێنەگەیشتووم کە مەبەستی چییە یان تەنانەت لەوە

# ــــــتەکانی هونەری کوردی چارەسەر دەکرێن

نەگەیشـــتم کە دەیەوێ چ بڵێ یان چ پەیامێکـــی هەیە؟ بۆیە توانا و لێهاتوویی کەسەکان زۆر گرنگە بۆ گەیاندنی پەیامە هونەرییەکە، راستە خۆشەیســـتی بۆ کارەکە کاریگەری هەیە، بەڵام خۆشەویستی سنووری هەیە و رادەوەستێت، ئەگەر نەتوانێت شتی باشتر پێشکەش بکات، رەفتار و هەڵســـوکەوتی هونەرمەند لەنێو خەڵك بەشێکە لە کاری هونەری، من توانیم تەلەفزیۆنی هەولێر بگوازمەوە قۆناغێکی دیکە بە هەمان کارمەند و ستافی پێشووترەوە، چونکە بە وردی ئاگاداری هەموو وردەکارییەکان بـــووم و برادەرایەتیی هیچ کاریگەری لەســـەر کارکردنم نەبووە، تەنانەت جارێکیـــان یەکێك لـــە کارمەندەکان پێی گوتم تـــۆ تەنانەت بە هەڵەش توورە نابیت، برادەر هەیە دەڵێـــت ئەم تەلەفزیۆنە هیچی تێدا نەبێت خۆ سەعدون یونسی لێیە، ئەمەش بۆ من مایەی شانازییە، بۆیە من ئەو کارە ئیدارییەی خۆم بە بەرهەمێکی زۆر سەرکەوتووی خۆم دادەنێم.

ســـەبارەت بە بوونـــی رکابەرێتیی هونـــەری لەنێـــوان هونەرمەندانی کورد وئایا تا چەند شـــەرعییە و کاریگەریی ســـلبی لەســـەر هونەری کوردی نابێت، مامۆســـتا ســـەعدون دەڵێت: حوکمدانی پێشوەختە لەسەر بەرهەمـــی هونەرمەندان لەلایەن خـــودی هونەرمەندانـــەوە بەر لەوەی هەڵســـەنگاندنێکی زانســـتیانەی بۆ بکەن، دەگەڕێتەوە بۆ بەدبەختی و کـــەم زانینە بۆ پێوەندییەکان، چونکە هیچ شـــتێك بەر لەوەی نەیبینیت ناتوانیت حوکمی لەســـەر بدەیت تەنانەت ناتوانیت هیچ شـــتێك بکڕیت بـــەر لەوەی بیبینیت، ئەم دیاردەیە تەنیا لە کوردســـتاندا نییە، بەڵکو لە هەموو شـــوێنێك هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە دەرەوە هەر کەسێك بەرپرسە لـــە کارەکەی خۆی تەنانەت ئەگەر لێیان بپرســـی رات چییە بەرامبەر بـــەو بەرهەمەی ئەم هونەرمەندە وەڵامت ناداتەوە، چونکە ئەو کارەی کە ئەنجامیداوە خەڵکانێك هەن ســـەیری دەکەن، ناکرێ تۆ رای خۆت بدەی لەسەر بەرهەمی هونەرمەندێك لە کاتێکدا خۆت هونەرمەندیت، وەك بینەر ئاســـاییە، بەڵام وەك هونەرمەند تەنیا بیر لە کارەکانی خۆی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێت دەتوانێت چی پێشکەش بکات.

سەعدون یونس ئاماژە بەوە دەکات کە لە کوردستان نەبوونی دەزگایەکی تایبەت و سیستمێك بۆ رێکخستنی کاری هونەری گرفتێکی گەورەیە، ژیان پێویســـتی بە سیستمە بۆ ئەوەی تێیدا ســـەرکەوتوو بیت، لە هیچ شـــوێنێکی دنیا نییە بەڕێوەبەری شـــانۆ و دراما خۆیان شانۆ و دراما پێشـــکەش بکەن، بەڵکو ئەوان دەبێ چاودێر بن لەسەر کارەکان و رێکیان بخـــەن، لە هەولێـــر ژمارەیەکی زۆری تیپی هونەری هـــەن لە کاتێکدا پێویســـتمان بە ژمارەیەکی کەم تیپی هونەری هەیە، بەڵام لە ئاستێکی زۆر باشدابن، من ئەندامی سەندیکای هونەرمەندان نیم و ئەگەر ببـــم بە ئەندامیش هیچ لە بابەتەکـــە ناگۆڕێ کەواتە بوون و نەبوونـــم وەکو یەکە، بەڵام ئەگەر بزانم بەرهەمی دەبێت ئێستا دەبمە ئەندام لەو سەندیکایە.

ســـەبارەت بە (کۆنە دەرکە) کە ئێســـتا تێیدا خەریکی کار کردنە، ســـەعدون یونـــس دەڵێـــت: کاتێك گەڕامـــەوە کۆمەڵێـــك ســـیناریۆم بۆ هات، بەڵام هیچیان لەو ئاســـتە نەبوون کـــە تام وچێژ بە بینەر بدەن، کوڕەکەم پێشـــنیاری ئەوەی کرد بۆچی بەرهەمەکانی پێشـــووم بەشی دووەمیان پێشـــکەش بکەم لە کۆتاییدا (کەونـــە دەرکە)م هەڵبژارد بۆ ئەوەی بەشـــی دووەمی بەرهەم بهێنین، چونکە کەســـایەتییەکانی کەمن و ماندوو بوونیشـــی کەمترە و لە ١٥ ئەڵقەی ٤٠ خولەکی بەرهەمی دەهێنین و بواری ئەوەشمان هێشتۆتەوە کە بەشـــی ســـێیەمی ببێتە ٩٠ خولەك، دوای کەونە دەرکە دەست بە بەشی دووەمی (قەڵای دمدم) دەکەین.

بەشـــی دووەمی کەونە دەرکە گێڕانەوەی واقعی ئێســـتایە کە هیچ نەگـــۆڕاوە، خەڵك و ئۆتۆمبیل زۆر بوون و شـــار گـــەورە بووە، بەڵام سیســـتمەکە وەکو خۆیەتی، پەیامی ســـەرەکیی کۆنـــە دەرکە ئەوەیە دەمـــەوێ خەڵکینە ئـــەو دەرگای کۆنەی مێشـــکەکانتان وەلا بنێن و دەرگای نـــوێ بکەنەوە، چونکە جلوبەرگ و خانوو و شـــار گۆڕاون و کاتی ئەوە هاتووە شـــێوەی بیر کردنەوەتـــان بگۆڕێت، ئێمە توانای زۆرمان هەیە و دەتوانین بگۆڕێین و پێش بکەوین، ئێستا لە هەولێرچەند دیمەنێـــك هەیە،لەوانە گەڕەك هەیە ئاوی نییـــە، کۆڵان هەیە قیرتاو نەکراوە، پەککەوتە هەیە توانای چارەســـەرکردنی خۆی نییە، بەشێکی دیکەش فەرمانبەرن ژیانێکی ئاســـایی بەســـەر دەبەن، هەشـــیانە کە دەوڵەمەندن،ئەمانـــە جیهانێکی دیکەیان بۆخۆیان دروستـــکردووە و تا رادەیەك لە کۆمەڵگای خۆمان دابڕاون.

مامۆستا سەعدون کە خۆیشـــی لە کەونە دەرکە رۆڵی هەیە دەڵێت: کاراکتەرەکان ٢٠ دەبن گۆڕانـــکاری هەیە واتە ئەو گۆڕانکارییانە لە ٢٠ ســـاڵی رابردوودا روویانداوە لە هەمـــوو لایەنێکی ژیان بە تەواوی رەنگی داوەتەوە تەنانەت لە کەسایەتیەکانیش، تا ئێستا ٣٠ دیمەنی وێنە گیراوە، پەنا بە خوا دامانناوە تا کۆتایی مانگی دە هەمووی تەواو بێت بە مۆنتاژیشەوە و بۆ پەخش کردن ئامادە دەبیت،لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە کاك ئاریان و خودی وەزیری رۆشـــنبیریش هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ کردم ئەمەش مایەی سوپاس و پێزانینە، بەڵام دیسان دەمەوێ ئەوە بڵێم کە پێویستە سیســـتمێك هەبێت تاکو ئەوەی بۆ من کرا بۆ هەموو هونەرمەندانیش بکرێت.



دیمانە: خەلیل بلەیی

# جۆرج کلۆنی رۆڵی عەرەفات دەبینێت

ماوەیەك بەر لە ئێستا لە چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە جۆرج کلۆنی بڵاو کرایەوە گوایە ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی بە نیازە لە نوێترین کارە هونەرییەکانی خۆیدا لە فیلمێکی سینەماییدا رۆڵی سەرۆکی کۆچ کردووی فەلەستینی یاسرعەرەفات ببینێت.

بەم دواییەش کلۆنی گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی سینەمایی بۆ هەمان مەبەست مۆرکرد،بەمەش هەواڵەکە پشت راست کرایەوە بێ ئەوەی وادەی دەستکردن بە وێنەگرتنی فیلمەکە و شوێنەکانی دیاری بکرێن، تەنیا گرێبەستەکە تەواو بووە و لەنێوان کلۆنی و کۆمپانیای بەرهەمهێنەر مۆرکراوە.

بەڵام رۆژنامەی Enquirer Pan-Arabia ی ئەلیکترۆنی لە چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە کلۆنییە وە بڵاوی کردەوە کە فیلمەکە بە ناوی ( یاسر) دەبێت و واش بڕیارە بە تەکنۆلۆژیای ٣D بەرهەم بهێنرێت،ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێویستی بە بودجەیەکی زۆر گەورە هەیە.



# ئان هاساوای: ئافرەتە پشیلەکە خەونی من بوو هاتە دی

کچە ئەکتەری ئەمریکی ئان هاساوای دووپاتی کردەوە کە رۆڵی ئافرەتە پشیلەکە لە فیلمی (Dark Knight Rises) کە بەشی سێیەمی زنجیرە فیلمی (Bat man)وەك خەونێك وابوو، دەیبینێت، بەڵام ئێستا هاتووەتە دی و بووەتە بەشێك لە ژیانی.

لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤاری (ئیفی) هاساوای گوتی: بینینی رۆڵی ئافرەتی پشیلە بۆ من کارێکی زۆر سەخت بوو، هەروەها چەندین خانمە ئەکتەری دیکە لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەو رۆڵەیان پێ بسپێردرێت وەك ناتالی پۆرتمان و جیسیکا بێل، بەڵام کریستۆڤەر نۆلانی دەرهێنەر لە کۆتاییدا منی هەڵبژارد ئەمەش مایەی خۆشحاڵی من بوو.

ئان هەروەها دەڵێت: سێ مانگ خەریکی گفتوگۆی بەردەوام بووین ئینجا توانیم رۆڵەکە وەربگرم و ئەو کات هەستم بە خۆشییەکی بێ وێنە کرد و ئەمە یەکێك بوو لەو ساتانەی کە تا ماوم لە ژیانمدا لە بیریان ناکەم، چونکە لە کاتێکی کەمدا گەورەترین خەونی من بووە راستی و بەشێك لە ژیانی من، لە کاتێکدا من پێموابی ئەستەمە رۆژێك لە رۆژان ئەم رۆڵەم پێ بسپێردرێت.

هەر سەبارەت بەم رۆڵەی ئان دەڵێت: بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە تا چەند تێیدا سەرکەوتوو بووم، چونکە تا ئێستا هەڵسەنگاندنی خۆم نەکردووە، بەڵام بە یەکێك لە سەرکەوتووترین رۆڵەکانی ژیانی خۆمدا و زۆریش خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە دەرهێنەرمنی بۆ ئەم رۆڵە هەڵبژارد.



# گاگا دەبێ

بڕیار وایە کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی لەیدی گاگا روو لە نواندن بکات ئەویش بە بەشداری کردنی لە فیلمێکی نوێ لە پاڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەستێرەکانی هۆلیۆد. فیلمەکەش بە ناوی (ماشیت دەکوژرێت)ە.

کەناڵی (ئێم تی ڤی) ی ئەمریکی لەم بارەیەوە رایگەیاند کە دەرهێنەر رۆبێرت رۆدریگز لە پەیجی تایبەتی خۆی لەسەر تۆڕی تویتەر رایگەیاند کەوا گاگا رۆڵی لە فیلمی (ماشیت دەکوژرێت) دەبێت کە بەشی دووەمی

# تیرۆنیش لە ستیوارت توورەیە

خانمــە ئەکتەری جیهانی چارلیز تیرۆن تــوورە بوون و بێزاریی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە کریســـتین ستیوارتی هاوڕێی بەهۆی خیانەت کردنی لەگەڵ رۆبێرت ساندرزی دەرهێنەری فیلمی «سنو وایت ێند زە هانتسمان» کە هەردووکیان بەشداری تێدا دەکەن.

تیرۆن کە رۆڵی ئافرەتێکی خراپکار دەبینی لە فیلمەکە رایگەیاند کە هۆکاری سەرەکیی توورەبوونی لە ستیوارت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لیبرتی رۆســی هاوسەری ســاندرز هاوڕێیەکی نزیکی ئەوە و ئەم هەواڵــەش بوو بە مایەی دڵتەنگــی و نارەحەتی بۆی، هەرچەندە ســتیوارت دانی بە هەڵەکەی خۆیدا ناوە و پەشــیمانە لەو کارەی ئەنجامیــداوە. لەلایەکی دیکەوە گۆڤاری بیبــۆل رایگەیاند: کە تیرۆنی تەمەن ٣٦ ســاڵ هەست بەوە دەکات کە ستیوارت هۆکاری سەرەکیی خیانەتەکە بووە، چونکە ماوەیەکە بەیەکەوە لەگەڵ ساندرز و ستیوارت کار دەکات و لە نزیکــەوە ئــاگاداری وردەکارییەکانــی ئەو پێوەندییەیە.





# راغب عەلامە:
# وا باشترە ئافرەت رۆمانسی بێت

راغب عەلامەی هونەرمەندی نــاوداری لوبنانی رایگەیاند کە حەز لەو جۆرە ئافرەتانە دەکات کە رۆمانســی و پابەند بن و ترســی پیربوون و لەدەســتدانی جوانییەکەی نییە و پێی وایە هەر تەمەنێك جوانی و تامی تایبەتی خۆی هەیە. راغب عەلامەی تەمەن ٥٠ ســاڵ لە بەرنامەیەکــی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاند کە ئەم قۆناغەی ئێســتای تەمەنی، بە خۆشــترین قۆناغ دادەنێت و زۆریش هەست بە ئاســوودەیی دەکات لەو قۆناغــەدا، راغب دانی بەوە دانا کە جارێکیان کچێك دەیویست تووشی گرفتێکی بەدڕەوشتی بکات، بەڵام ئەو زوو هەستی بە نیازەکانی ئەو کچە کرد و خۆی رزگار کرد، بەڵام دواتر چیرۆکێکی خۆشەویستیی بەهێزی لەگەڵ ئەو کچە درووســت کرد. ســەبارەت بە سەرنجراکێشترین هونەرمەندی ئافرەتی عەرەبیش راغب گوتی: پێموایە هەیفا وەهبی سەرنجراکێشترین ئافرەتی هونەرمەنــدە نەك لەبەر ئەوەی کە دۆســتێکی نزیکی منە، بەڵکو ئەمە قســەی سەدان کەسە کە بە هەیفا سەرسامن.



## ـــــــــتە ئەکتەر

فیلمی (ماشیت)ە، رۆدریگز هەروەها وتی: کارەکانم تەواو کردووە لەگەڵ گاگا و یەکلایی بووینەتەوە.

لەلای خۆشیەوە گاگا هەواڵەکەی بۆ هەوادارانی خۆی پشت راست کردەوە لە تویتەر و گوتی: بەڵێ هەواڵەکە راســتە و بۆ یەکەم جــار وەك ئەکتەر لە فیلمی (ماشیت دەکوژرێت) دەردەکەوم و زۆریش بە پەرۆشــم بۆ ئەم کارە و کار کــردن لەگەڵ رۆبێرت رۆدریگز.



# سیریل: بە خۆنمایش کردن، بێ توانایی هونەریی ئافرەتان ناشاردرێتەوە

**■ دەتوانین بڵێین سیریل لە سەرەتای کاروانی هونەریی خۆیەتی و ئێستا خۆی بۆ بڵاو کردنەوەی بەرهەمێکی هونەری ئامادە دەکات کە پێشکەشی باوکی کۆچ کردووی دەکات، لە گفتوگۆیەکی کورتدا باسی لە ئێستای هونەری کوردی کرد بەتایبەتیش بارودۆخی ئافرەتانی هونەرمەند ئەوەی ئێستا هەندێك ئافرەت پێشکەشی دەکەن.■**

سەرەتا لێمان پرسی چی بەو ئافرەتانە دەڵێیت کە پشت بە لەش و خۆ نمایش کردن دەبەستن لە کاتی گۆرانی گوتندا؟ تۆ دووچاری رەخنەی لەو جۆرە نەبوویتەوە کە پشت بە خۆ نمایش کردن ببەستی؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا سیریل دەڵێت:رێزم بۆ ئەو هونەرمەندانە هەیە کە بەو شێوەیە کار دەکەن و بڕوایان بەو جۆرە کارکردنەیە، بەڵام ڕای من وایە ئەگەر مەبەستیان ئەوە بێت بە خۆنمایشکردن تواناکانی خۆیان بشارنەوە ئەوە هەوڵێکی بێ سوود دەدەن، چونکە هونەری نمایشکردن و هونەری دەنگبێژی دوو شتی جیاوازن، راستە زۆرێک لەهونەرمەندانی جیهانیش وا دەکەن و پەنا بۆ تێکەڵکردنی ئەو دووبوارە دەبەن، بەڵام ئەگەر هونەرمەندانی جیهان ئەم تێکەڵییەش لەنێوانی نواندن و نمایشکردن و دەنگبێژیدا دروست دەکەن، لەناو ئەو خەڵکەی هونەری بۆ دەکەن کارێکی قبووڵکراوە، ئەوانیش پشت بەچەندین راهێنەری باش دەبەستن کە رایان دێنێت و هاوکارییانن بۆ چۆنیەتی ئەو تێکەڵییە.

سیریل هەر سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت: لە کوردستان هونەرمەندانی کورد جگە لەوەی کە لەناو ئەو میللەتەی ئەوان هونەری بۆ دەکەن ئەو کارەیان رەتکراوەیە، شارەزایی ئەو تێکەڵکردنەش نین، بۆیە بە ئاشکرا لە کارەکانیاندا بۆشایی گەورە لە نێوان تێکەڵکردنی ئەو بوارانە دەبینرێت و کارەکەیانی شێواندووە، بەشێوەیەک کە شایەنی رەخنەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک سەرەتا وتم رێزم بۆ ئەوان هەیە و ئەوە ئازادی و روانینی خۆیانە، لای من ئەوە کارێکی باش و پەسەند نییە، چونکە وای دەبینم ئەگەر ئەو کەسانەی پشت بەو جۆرە کارە دەبەستن مەبەستیان شاردنەوەی ئەوە بێت کە توانای دەنگبێژیی هونەرییان نییەو دەیانەوێت بەوە کەمتوانایی بشارنەوە، بێگومان ئەمە تاسەر نابێت و ئەنجامەکەش بەو شێوەیە نابێت کە خۆیان دەیانەوێت.

سیریل پێی وایە هەندێك جار بێ ویژدانی بەرامبەر بە هەندێك لە ئافرەتە گۆرانیبێژەکان هەیە و دەڵێت: دەمەوێت لەدەرەوەی پرسیارەکەی تۆ قسەی خۆم لەسەر شێوازی قسەکردنی خەڵکیش لەو بارەوە بکەم، من لە هەڵسەنگاندن و لە رەخنەگرتن لە کچانی هونەرمەند، بێویژدانییەکی گەورە دەبینم لەناو خەڵکی خۆمان، خەڵکی ئێمە کاتێک دەبینێت کچێکی کورد، کچێکی هونەرمەند جلوبەرگێکی نیمچە رووتی لەبەردا بێت، ئیدی تا ئەوپەڕی دەکەوێتە دژایەتی کردن و ناشیرینکردنی، ئەمە دیاردەیەکی زۆر ناحەز و دواکەوتوانەیە، کە هەڵسەنگاندنی شەخسیەت و توانای هونەریی هونەمەند، بەو جلوبەرگەی ببەستیتەوە کە دەیپۆشێت، خەڵکی ئێمە کاتێک رەخنە لەو ئافرەتانە دەگرێت بەوە ناوەستێ کە رەخنەیەکی دروستکەر بگرێت، بەڵکو دەکەوێتە بەخشینەوەی تۆمەت و بوختان پێکردنیش، بۆیە ئەگەر پێیان وایە ئەو هونەرمەندانەی کە باسی دەکەن کارێکی نەشیاو دەکەن بە خۆ عەرزکردن، بێگومان ئەو خەڵکەش کە بەشێوازێکی نادروست و بەشێوەی تۆمەتبەخشینەوە رەخنەدەگرن و قسەو باس بڵاو دەکەنەوە، کارەکەیان زۆر لەکاری ئەوان نەشیاوترە، هیوام وایە خەڵکی وڵاتی ئێمە ئەوانەی کە بەو جۆرە قسەو باسە خەریکن فێر ببن، رێز لە ئازادی تاک و هەڵبژاردنی تاک بگرن و چیدی ئەم تەداخولە بێ مانایە بە ناوی رەخنەوە درێژە پێنەدەن.

دەربارەی ئەوەی کە خۆی چەند رەخنەی لێگیراوە لەم بارەیەوە دەڵێت: بەو شێوەیە رەخنەم لێنەگیراوە، چونکە منیش بڕوام بەو کارە نییە، بەڵام لەبواری ترەوە بێگومان رەخنە هەبووە، پێم باشە ئەو کەسانە رەخنەکانیان زانستی بێت و بەمەبەست پێشکەوتن بێت تاکو سوودیان لێ ببینم،بەڵام هەرگیز گوێ بە هەموو جۆرە رەخنەیەک نادەم کە میزاجی شەخسەو بەناوی رەخنەوە بڵاوی دەکاتەوە یان دەیگەیەنێت.

# بینەر لە کوێی ماندوو بوونەکانی هونەرمەندانەوەیە؟!

فرمێسك مستەفا

پێوەری مەدەنی بوون و شارستانیی هەر میللەتێک پەیوەستە بە بەرزیی ڕادەی فەرهەنگی ڕۆشنبیرییانەوە . لە هەرکۆمەڵگەیەکیشدا بینەر و خوێنەری هۆشیار و ڕۆشنفکری تێدا بوو، ئەوا مەترسی لە سەر ڕەوتی پێشکەوتنی کلتوری ئەو میللەتە نابێت . وەلێ بینەری شارەزاو هۆشمەند، ئەدیبان و هونەرمەندان دەخەنە ژێر لێپرساویەتییەکی دیکەوە . وادەکەن بە وریاییەکی زیاترەوە کارەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن و بزانن لەژێر زەڕەبینی هۆشیاری بینەری خۆیاندان.

یەکێ لە نموونەکان لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ماڵی شانۆی (جنینە) لە میسر، یەکەمین فیستڤاڵی شانۆیی ساڵانەی خۆیان ساز دەکەن . دوایی کە ڕێژەی کاری ئافرەتان زۆر دەبێت لەو فێستڤاڵە دا، بەڕێوەبەرانی فێستڤاڵەکە لە ساڵی ٢٠١٠ تایبەتی دەکەن بە کاری ئافرەتان و فێستڤاڵێکی تەواو ئافرەتانە دەبێت و تائێستاکەش بەردەوامە. دوای ئەوەی ڕۆژنامە نووسێک پرسیار دەکات کە بۆ ڕێڕەوی فێستیڤاڵەکەیان گۆڕی و کردیانە فێستڤاڵێکی سەرتاپا ژنانە . لەوەڵامدا گوتیان: ( بینەر وای ویست). ئەم وەڵامە جێگای لێکۆڵینەوە و بیر کردنەوەیە کە بینەرێکی رۆشنبیر لە پشتی کارێکی داهێنانەوەیە و لێپرساوی سەرەکییە و دەبێت لە سەر داخوازییەکانی بینەر کارەکان بەئەنجام بگەیەنرێت . لە کاتێکدا هونەرمەندان و نووسەران ئەنجامی کارکردنیان تەنیا ڕازی کردنی بینەرەکانیانە.

لایەنێکی دیکەش هەیە، کە هونەرمەندان و ئەدیبان بەرچاو ڕۆشنکەری بینەرن و بابەتەکانیان تەواو لە قوڵایی ناخی ئەوانەوە بەرهەم دەهێنرێن و لە ئاکامیشدا هەر لە خزمەتی ئەودا خۆی دەبینێتەوە . کارەکانیان دەکەنە مۆرکی چەرخ و سەدەی خۆیان واتە کارکردن لە پێناوی بینەردا جارێکی دی . مەخابن لە میللەتی مندا بینەر ڕۆلێکی تا ڕادەیەک لاواز و هەژاری هەیە، ئەوان بوونی فیعلی خۆیان دیاری ناکەن، مەرج و داخوازیان نییە، ڕێژەیەکی زۆر کەم دێنە کۆڕ و کۆبوونەوەکانەوە . نایان بینیت و ڕاو بۆچوونەکانیان شاراوە و نادیارن و ڕخنە گرێکی ڕۆشنفکری کارە هونەرییەکان نین . بێگومان کاتێ هونەرمەندانیش جەماوەرێکی کەم دەبینن تووشی خەمساردی و نائومێدی دەبن ..

بەڵام هەندێ کاتیش تەواو پێچەوانەی ئەمانەن، ئەو ماندووبوونەی کە لە پێناوی خۆشبەختی و چێژی بینەر دا بەئەنجام دەگەیەنرێت، ئەوان نەک ناتوانن ببنە رەخنە گرێکی ڕۆشنفیکر بەڵکو دەبنە دڕندەیەک بۆ پەلاماردان وبەرپەرچدانەوەی داهێنانەکانیان، کە بەهیچ جۆرێک ئەرک و ماندووبوونیان نابینرێت . بەتایبەتی ئافرەتانی هونەرمەند دووچاری ئەم تیرو توانجە دەبنەوە . ئەوان نازانن کارە هونەرییەکان بێ بوونی ئافرەت، وەک گوڵی بێ بۆ و بێ ڕەنگە. ئافرەتان دوای قوربانیدانێکی زۆر و ماندووبوونێکی نە بینراوە وە کارەکانی خۆیان بەئەنجام دەگەیەنن . ئەوان قوربانییەکی گەورەن لە گەلێک ڕووەوە. لە ناو ماڵەکانی خۆیاندا لە پێناو بوونی خۆیاندا، وەک ژنە هونەرمەندێک و خاوەن حەزو ئارەزووی بۆ داهێنان بجەنگێت . دواجار لەگەڵ کۆمەڵگەکەی بەشەڕ دێت،لە پێناو پەیامێکی پڕاو پڕ لە مرۆڤایەتی تا بوونی خۆی بسەلمێنێت . کەس ئاگاداری ئەوە نییە کە ئافرەتە هونەرمەندەکان چۆن خۆیان لە خۆشی و چێژی ژیان بێ بەش کردوە،لە پێناوی پەیامێک تا بیگەیەننە بینەری خۆیان، ئەوان سەرچاوەی چێژو خۆشبەختی بینەری خۆیانن،، بەڵام لە کاتێکدا نەک ئەم ماندوو بوونە نابینرێت، بەڵکو بەر بەردی جەهالەت و جاهیل بوونی هزری هەندێ کەسی ژەنگ گرتوو دەبنەوە. سەرتاپا مێژوویان دەسڕنەوە و خەباتی چەندین ساڵەیان دەخەنە چوارچێوەی بیرو هۆشێکی دواکەووتوو. ئەوان کرێکاری کاری خۆیانن و پێشمەرگەی پەیامێکی مرۆڤایەتین کە دەبێت شانازییان پێوە بکەن، نەک قسە و قسەلۆکی ناشایستەیان بە دوادا بخەن. ببنە سەرچاوەی ئازار و دواجار ناچاریان بکەن لەوەی دوور بکەونەوە لەو مەیدانەیکە پێویستی پێیانە. من نازانم ئەوانە بۆ ببنە ئامانجی بریندار کردن و هەوڵی شکاندنەوەیان بدرێ؟ لە بری ئەوەی پاداشتیان بدرێتەوە و خۆشەویستی و ڕێز لەو کەسە بگرن کە لە پێناویاندا ژیانی خۆی خەبات کردوە. ئێستاکە ئەوەی باوە لە پەیجی فەیسبوک و مۆبایلەکانەوە چەندین جار وشەی ناشایستە و وێنەی فۆتۆشۆپ دەنێرن وبڵاوی دەکەنەوە وەک ئەوەیە دەستکەوتێکی باشی بۆ خۆی دەستکەوتبێت. نازانێت بەو کارە چەند بچووک و قێزاویی دەبێت.

